Federation of Civil Society Organizations

فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی
کۆمەڵی مەدەنی

# بەیاننامەی فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بۆ ڕای گشتی دەربارەی گرێبەستی دانانی کامێرای تیژڕەوی جێگیر لە پارێزگای سلێمانی...

وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، گرێبەستێکی ئەنجامداوە لەگەڵ کۆمپانیایەك بۆ دانانی (٢٢٥) کامێرای دیاریکردنی تیژڕەوی ئۆتۆمبێل، لەسەر حسابی هاوڵاتیانی شاری سلێمانی و ئیدارەی ڕاپەڕین، گەرمیان، هەڵەبجە ، وە هەرلەبنەماوە پرس و ڕاوێژ بەپارێزگاری سلێمانی و هاتوچۆی سلێمانی ئەنجومەنی پارێزگا نەکراوە، ئێستاش٢٥ ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە یاداشتێکدا کە ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیان کردوە، داوایان کردووە دانانی کامێرای چاودێری بە تەنیا لە سنووری پارێزگای سلێمانی ڕەتبکرێتەوە، چونکە جگە لەوەی کارێکی نایاساییە لە هەمان کاتیشدا کارێکی نەگونجاوە و بە قوربانیکردنی شارەکەیە، هەروەها داوایان کردووە داوا لە وەزارەتی ناوخۆ بکرێت گرێبەستی کۆمپانیای جێبەجێکار هەڵوەشێنێتەوە.

ئێمە وەک فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی داواکارین لە بەرێزان لە (فەرمانگەی داواکاری گشتی ، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ، پارێزگاری سلێمانی ، سەندیکای شۆفێران ) بێنە سەرخەت بۆ ئەم پرسە، چونکە یەکێك لەئەرکە بنەڕەتیەکانی ئەوان پاراستنی ماڵ و داهاتی گشتییە، هەروەها ناوەرۆکی گرێبەستەکە ئەوەندە نادادپەروەری و ستەم و نایاسایی و بەهەدەردانی تێدایە، لێرەدا بەکورتیی چەند سەرنجێکی گشتی لەسەر گرێبەستەکە دەخەینە ڕوو:

١.کێشەکانی پەیوەندیدار بە هاتووچۆ لەهەرێمی کوردستان بەگشتی و پارێزگای سلێمانی بەتایبەتی ،فرە ڕەهەند و سەرچاوەی درووست بوونی جۆراوجۆرە ، لەم ڕوانگەیەشەوە ڕێگا و میکانیزمی چارەسەری کێشەکان جۆراو جۆرە ، تەنها غەرامەکردن چارەسەر نییە ، بەڵکو پێویستە (ڕێگا وبان ، کوالێتی ئۆتۆمبیلی هاوردە ، میکانیزمی وەرگرتنی مۆڵەتی شۆفێری ، پێداچوونەوە بەیاسای هاتوچۆ ...) کۆمەڵەمیکانیزمێکی چارەسەرن کە پێویستە هاوتەریب بەیەکتر لەپێناو چارەسەری کێشەکانی هاتووچۆدابن ، واتە حکومەت هەموو هەوڵەکان بەیەک ئاڕاستەدا بدات نەک تەنها تەرکیز کردنە سەریەک چارەسەر کە غەرامەکردنی سەرپێچیکارە ، چونکە ئەوکاتە ئەو گومانە لای خەڵک درووست دەبێت کە غەرامەکردن وەک سەرچاوەی داهات بۆحکومەت سەیربکرێت ، نەک وەک شێوازی چارەسەر.

٢.لەو وڵاتانەی کە ئەم سیستەمەی تیدا جێبەجێدەکرێت وەک (کویت ، بەحرەین ، سعودیە) وەزارەتی ناوخۆ ئەم کارە ئەنجامدەدات و نەسپێردراوە بەکەرتی تایبەت ، بەتایبەت جێگای پرسیارە لەکاتێکدا بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی کە خاوەنی کامێرای چاودێری بێت بۆچی ئەم گرێبەستە دەدرێتە کۆمپانیا؟

٣.بەگوێرەی ڕێنمایی ژمارە (٢) ی ساڵی (٢٠١٦) گرێبەستە حکومییەکان ، دەبێت ئەوگرێبەستانانە بۆ بەرژەوەندی گشتی بێت ، بەڵام لەچەند بڕگەیەکی گرێبەستەکەدا پرسیاری جدی درووست دەبێت ئایا ئەم گرێبەستە بەدیهێنەری بەرژەوەندی گشتییە؟ بەنمونە بڕگەی (١٧ ، ١٠ خاڵی ١ ، ٨ خاڵی ٤).

٤ .ســــەرلەبەریی گرێبەســــتەکە پێچەوانەی بنەما بنەرەتیەکانی یاســــاکارپێکراوەکانە، چونکە ســــەرپێچیی هاتوچۆ  تاوانە جۆری تاوانەکەش بریتیە لە پێبژاردن(غرامە)کەوەرگرتنی غرامات  بەپێی یاســـا لای دادگایە یا ئەو دامەزراوە فەرمیانەی یاســـا دیاری کردووە، لێرە چۆن دەکرێت پارەی داهاتی سەرپێچیی بۆ کەرتی تایبەت بێت، بۆیە داواکاری گشتی گەر لەم جۆرە کارە نایاسایی و بەهەدەردانانە نەیەتە خەت کە لە سودی گشتییە، دۆخەکە خراپتر دەبێت و بۆیان دەچێتە سـەر، بەکەمتەرخەمم لەقەڵەم دەدرێن بۆ ئەم پرسە.

٥.ناوەرۆکی گرێبەستەکە لەڕووی ماوەی گرێبەست و شێوازی پشکی کۆمپانیای گرێبەست لەگەڵ کراو، بەئەندازەیەکە زۆر بەئاشکرا بەهەدەردانی پارەیە لەداهاتی گشتی، چونکە ئەم ئەرکە نابێت رادەستی کەرتی تایبەت بکرێت پێویستە لای حکومەت بێت، سەرباری ئەوەش تێچوی کامێراکان و ئەو مصروفانەی کۆمپانیا دەیکات سەرجەمیان دەدرێتەوە لەداهاتی گشتی دەدرێتەوە و زیاتر لەوەش دواتر بۆماوی ١٥ ساڵ بە رێژەی لەسەدا ٢٠ داهاتی پرۆژەکە دەدرێتە کۆمپانیاکە.

٦ .بەپێیی ناوەرۆکی گرێبەستەکە وەزارەتی ناوخۆو هاتوچۆ خۆی هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی داهات و پێبژاردنەکە، بۆ دەکرێت لەبەرامبەر دانانی کامێراکان و دانانی چەند بەرنامەی نێتوۆرك و نۆژەنکردنەوەی کامێراکان، کۆمپانیایەك داغل بکرێت و ببێتە هاوپشـــکی حکومەت بەو بڕە پارە خەیاڵییە کە ئەرکەکەی هەرگیز هاوتا نابێت بەو خزمەتەی پێشـــکەشـــی دەکات لەبەرامبەر قازانجی بەدەست هاتوو.

٧.سیسـتەمی پەیڕەوکراو لەم گرێبەسـتە بریتیەلە(سیسـتەمی پۆینت تو پۆینت)، واتا سـنورێك دیاری دەکرێت دەبێت ڕێگاکە بە ماوەیەك ببڕێت ، کەئەم سیستەمە تەواو نادادوەریی تێدایە و دەروازەییەکە بۆ ئەوەی هیچ  خانەوادەیەك بێ بەش نەبێ لەم سزایە چونکە، ســـیســـتەمی دادپەروەر و پەیڕەوکراو بریتیە لە رێژەی خێرایی کە لێرەدا پەیڕەونەکراوە، ئەمەش بۆ زۆرکردنی بڕی پارەو بارگرانی هاوڵاتیانە بە تەنها، بەتایبەت لەم دۆخە خراپەی ئابوری هاوڵاتیاندا، بێ ویژدانیەکی کەموێنەیە.

٨.دەپرســـین حکومەتی هەرێم لەرابردوو کـامێرای گەرۆك و جێگیری کڕیوە بۆ کۆنترۆڵکردنی تیژڕەوەیی، گەر نیـازیی ئەم گرێبەســـتانەتان هەبوو، بۆئەو ژمارە زۆرەی کامێرای چاودێریتان کڕی؟ بۆ ئەوەندە ئاســـانە بەهەدەردان وخەرجکردنی داهاتی گشتیی؟ کەسەرجەم کامێرا کڕاوەکان سودیان نامێنێت، کەهەندێکیان تا ئێستا بەکارنەهاتون.

٩.خراپی رێگاوبانەکانمان وهاتوچۆیی ئۆتومبێل لەکوردستان ئەم جۆرە سیستەمی پۆینت وتو پۆینت، ناگونجێت بۆی.

١٠ .ئێمە نە دژی دانـانی کـامێراین، نە دژیی جڵەوکردنی تیژڕەوین، هەروەهـا دژیی کەرتی تـایبەت نین، بەڵکو زۆر بـاش وبەسودن، بەڵام بە سیستەم و رەچاوکردنی دۆخی خەڵک و لۆژیك داهاتی گشتی، بەداخەوە نیەت و هەنگاوەکانی ئەم کابینەیەی حکومەت زۆرتر و زیاتر خاوەن مەیلە بەئاراســتەیی رادەســتکردنی کارو خزمەتگوزارییەکان بە کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکان، بەڵام هەموو کۆمپانیایەك نا، زیاتر ئەو کۆمپانیایەی نزیکن یاخود کۆمپانیای حیزبین، بۆیە زۆربەی هەنگاوەکانیان لەســـەر حسـابی کاردۆزینەوە بۆ کۆمپانیاکان و دەوڵەمەندکردنیان لەســەر حسـاب و مایەپوچبونی خەزێنەی حکومەت و درووسـتکردنی بارگرانیی زیاترە لەسەر هاوڵاتیان.

١١ .لەپێناو دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو بۆ هەڵوەشـاندنەوەی گرێبەسـتەکە ، داوا لەســەرۆک و ئەندامانی بەڕێزی ئەنجومەنی پارێزگای ســـلێمانی دەکەین ســـەرباری ڕەتکردنەوەی گرێبەســـتەکە، پەنابۆدادگای تایبەتمەند ببەن بەدیاریکراوی ئەو دادگایەی لەگرێبەستەکەدا ئاماژەی پێکراوە بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە.